# 95%بەر ئەو پاک سازیەو گەندەلی ئیداریە ئەکەویٚ گەر بکریٚت؟؟.. باوکی هەلۆ گەرمیانی

نامەویٚ ئەونوسینانە دووبارەکەمەوە کە کوردوستانی داخ لەدل نوسیویانە دەربارەی گەندەلی لەناو ئیدارەی کوردوستان دا !لەیەکەم رۆژی دامەزراندنی ئیدارە لەکوردوستان دا لێپرسراوان کەدەستیان کرد بەدابەش کردنی ئیدارە بەسەر خۆیان و کەس وکاریانا وایان ئەزانی کەئەم ئیدارەیە ماوەیەکەو تەواو ئەبێ وەهیچ بەتەمای ئەوەنەبوون کەوا کوردوستان بەم شێوەیەی ئیستا ببینن وایان ئەزانی کەکورد هەرئەبێ مالەکەی بەکۆلەوەبێ وەکەرەوەکەیان دی بەتەواوی ئەمەیان بۆدەرکەوت. وەدوای گەرانەوەیان بۆ کوردوستان و هەلبژاردن و دامەزراندنی ئیدارەی کوردی پشتێن یان لێ کردەوەو دەستیان کرد بەدابەش کردنی ئیدارەو جێگا سەرەکیەکان بۆخۆیان و کەس وکاریان. وەبەلێنیان دا بەخۆیان کە بە زوویی دەست کەن بە پاشەکەوت کردن وەگیرفان پرکردن هەتا فرسەتەو لەدەست نەچوە، نەوەك جارێکی تر رەوو ببێتەوەو نەگەرێنەوە بۆکوردوستان و ئەو سامانەیان لەدەست دەربچێ. وەهەر رۆژگاریان ئەژمارد بەلاٚم ئەو خەیالەی ئەوان بەتەمای بوون هەر رووی نەدا. وەهەر بە لێپرسراوی مانەوە، وەئەوەی ئەیان ویست بەجۆرێ بەجەماوەریان ئەوت کەبچن بەدەنگیانەوە وەکوردیان هان ئەدا بۆ جێ بەجێ کردنی داواکاریەکانیان وەسەرگورشتەی وایان ئەخوێندەوە کەهەمووکەس بروایان پێ بکەن و وەگفتی درۆ لەدوای درۆیان ئەدا بەجەماوەر. وەلەبێ دەسەلاٚتی جەماوەریش کارەکانیان ئەچووەسەر. وە دلیان نەئەهات ئەوجێگایانە بدەن بەدلسۆزان چونکە وایان ئەزانی ئەوانەی دێن وەك خۆیان ئەبن. وە نەتێربوبون وەنەلەبەرچاویان بوو چونکە نەئەیان خوارد تاتێربن وەئەیان ناردە ناو گەنجینەی جیهانی یەوە بۆئەوەی لەبەچاویان نەبێت. بۆیە دایم هەر بال ئەکوتن فریا ناکەون، وە رادەی ناردنە دەرەوەی پارەکانیان بەوجۆرەبوو کە لە (فرۆکەخانەی سلیمانی) جانتایەك دۆلار گیرا و دوایی بەفەرمانی لێپرسراوان ئەو فەرمان بەرانەی ئەو گەندەلیەیان ئاشکرا کردبوو دەریان کردن وەدوای کاك (ن) فەرمانی دا بەگەرانەوەیان سەرو پارچە زەویەکیشی دانێ. وەیەگگرتنەوەی دوو ئیدارە بەم شێوەیەی ئیستا یارمەتی دانە بۆ لێپرسراوان بۆ گەندەلی ئیدارەیی وە کەس بەوی ترنالێ ئەرێ تاکەی ئێمە وا بمێنینەوە. چونکە خۆی ئەزانێ ئەوەی بەرامبەرەکەی وەك خۆی وایە بۆیە لێپرسراوان ئەلێن

( (ئێمە سەرمان نایەشێ بۆ حەب بخۆین) ) خۆ جەماوەر هەموویان بێ هۆش بوون لەئاستی کردەوەکانمان وەهیچ چارێکیان نیە بۆ ئەم کارە وە گرووپێك نیە جێمان بگرێتەوە بە وێنەی ئێمە دەسەلاٚت داروو خاوەن چەك. پارە بێت، بۆیە واباشە لێپرسراوان لەمەزیاتر کوردوستانی بێ هۆش نەکەن چونکە دوا رۆژی پارتە سەرکردەکانی کوردوستان وەك (کار) ی ئیسرائیل و (دایك) ی تورك و (فەتح) ی فەلەستینیان بەسەردێ چونکە ئەم سەردەمە بۆ ئەمەریکاو وولاٚتانی سەرمایەدار ئەوەباشە گوێ راگرن بۆجەماوەر بۆئەوەی کارەکانی خۆیان لەناوچەکە جێ بەجێ بکەن. ئیر ئەوان مەبەستیان نیە چ پارتێك دەسەلاٚت دار بێت. خۆ هەمووهاواریان ئەکرد حەماس پارتێکی تیرۆریستە لەناوچەکە ئیستا بۆجێ بەجێ کردنی کارەکانیان هیچ مەبەستیا نیە لەگەلیا رێکەون. وەئیستاش جەماوەر چەواشەئەکەن بە هاوار کردنیان بۆ پاك سازی و گەندەلی ئیدارەیی. وە لەدەست پێ کردنیان بەپاك سازی و گەندەلی 95% نامێنێ بۆیە دوایان خستوە بۆ هەلبژاردنی نوێی لەعێراق دوای چوارسالی تر!!!!!